شیعری وەرگەڕاو

# هەموو پیتەکان وەک یەک بەهادارن

## لارش میکایل راتەما

لە سویدییەوە: هەندرێن

### لارش راتەما



لەوێدا، بە جۆرێک لە جۆرەکان، ژیان هەبوو. "سوسەن هاو Susan Howe وا دەڵێت. لە دیمانەیەکدا. سوسەن لەمەڕ رۆژگاری سەرەتای هەشتاکاندا، سەبارەت بە لەسەر یەکتر کەڵەکەکردن لە نێوان شیعر و تیۆریدا، دەپەیڤی. من، تەنیا دوای چەند ساڵێک، ئەوەم بە یاد هاتەوە. مۆزیکی The Clash دابەش کرابوو. مایک یۆنێس M ick Jones چی تر لەگەڵ ئەو گرووپە موزیکەدا نەمایەوە. ئەو کتێبانە لە کتێب فرۆشییەکاندا دانرابوون کە ناویان "مێژووی شێتایەتی" .Minima moralia " A Thousand Pla- teaus". "دیالێکتیکی رۆشنگەریی". Truth in Painting Anxiety of influence دانرابوون. سوسەن هاو دەڵێ:

"من کاتێک چوومە ناو کتێبفرۆشی یەکسەر  بەرەو رەفەی رەخنە رۆیشتم. هەموو وایان دەکرد. بلانشۆ، باتالی، دێریدا..." کەس تێ نەدەگەیشت. من ناوم لەسەر سیدی گرووپی موزیکی پانکدا کۆ دەکردەوە، ئێستا ناوی فەرەنسی و ئەڵمانیم کۆ کردەوە.

**"ئەگەر زیندوویی خافڵگیریی بێت، وەلێ**
**نەخێر**
**سازاندن هیچ نییە تۆ بە ئاسانی**
**دەتوانی بیکەیت.**
**یەکێک ببینەوە**
**کە بەوەدا هەڵدەڵێت. یەکێک**
**کە چی تر رێنیشاندەر نییە**
**تەنیا ئێمەین کە بە دوای دەکەوین. بە دڵنیاییەوە**
**گەشە دەکا.**
**بۆشمان باس دەکا کە ئێمە  بەلادا دەچین، ئاوا کە ئێمە دەتوانین**
**زۆر خێرا دەتوانین، رەنگە. وەک ئێمە**
**دەتوانێت.**
**ئێمە دێین."**

لە کۆ شیعری: Bruce Andrews "Getting to have been frightene", 1988 ,". "من ئەم کۆپلەیەم لە ئینگلیزییەوە کوردناندووە. چونکە لارش راتەما بە ئینگلیزییەکەی دای ناوە." و. کوردی.

ئەو دەقە لەمەڕ زماندا دەپەیڤێت. یان راستتر لەسەر ز=م=ا=ن (L=A=N=G=U=A=G=E) ە. هەروا بە هێواشی وشەش دەست بە جێگیربوون دەکات. دەستەیەک لە شاعیرانی ئەمریکیی. لە دەستپێکی ٧٠ کان بە دواوە، لێرە ئەو ناساندنە "رەتەما مەبەستی ناساندنی ئەو رەوتە شیعرییەی ئەمریکییە" روو نادات. ئەو ناساندنە لە ژمارە ٦ و ٧–٨ ی کۆواری (OEI 2001)دا هەیە. لەو کۆوارەدا تەنیا چەند داوە دەزووی گرینگ لەو ئەزموونە شیعرییەی ئەمریکی هەیە. چارلس برێنشتێن، کە لەگەڵ برۆک ئەندریۆسدا L=A=N=G=U=A=G=E یان دەست پێ کرد– کە رۆژنامەیەک بوو– وەک دەستەی نووسەرانەکەی قسەیان لەسەر کراوە. Lan-guage بزاڤێکی شیعریی بێ بەرنامە

و مانێفیست بوو. ئەوان دەیانویست لە ناو ئەمریکادا ئەو مرۆڤە نووسەرانە کۆ بکەنەوە کە دەتوانن پێکەوە لەسەر هەمان شتدا کار لەگەڵ یەکتردا بکەن. لەوێوە لە دەزوولەی دووەمەوە، Language هەمیشە شتی چکۆڵە بوو. بڵاڤۆکی بچووک، کۆڕکردن بۆ کەسانێکی دیاریکراو، تیراژی کەم. ئەودەم زۆرێک لەوانەی کە لەگەڵ دامەزراندنی ئەو بزاڤە شیعرییەدا بوون پرۆفیسۆرگەلی خاوەن مووچەی باش بوون، لێ بە شێوەیەک لە شێوەکان بەم جۆرە تشتی چکۆلە بەردەوامە. رەتکردنەوەیەک بە دژی شیعری پیشەسازی لەگەڵ کۆپییەکانی والت ویتمان و ئالێن گینسباری هەبوو، لەوێشدا هەمیشە خوێندنەوەی شیعر بە ئەزبەری لەسەر شانۆدا (spoken word) زۆر باش لەگەڵ ئەوەدا هاوئاهەنگە. Language لە رامانێکی کورتدا هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە جەوهەرگەراییەکە. بە ماتریالیی و کۆنکرێتی– تێکنۆلۆگی وشەیە. Language لەسەر پرۆسەی بوونی زماندا کار دەکات.

لە وێدا، لە پرۆسەی بوونایەتی زماندا، ژیان هەیە. لەوێدا کە ئەم دەقەی سەرەوە باسی دەکا، ژیان هەیە. من نزیکەی دە ساڵێک دوای رەفەی رەخنەکانەوە ئەوجا Languageم بینی. شاعیرانێک هەبوون کە وەک من کاریان لەگەڵ هەمان شتدا دەکرد، من پێویستم نەبوو کە بۆ شەستەکان و بێنگت ئێمیل و یۆنسۆن بگەڕێمەوە. وشە؛ وشەی کۆنکرێت؛ مادەی وشە؛ هیچ تشتێک بێلایەن نییە؛ ئەوەی کە من نووسیومە بە دێرەکان نووسیومە؛ تەنانەت بێدەنگیش بێلایەن نییە؛ وشەی سیاسی؛ هەموو دیکۆتۆمییەکان بکوژن؛ شێوە ـ ناوەڕۆک قنگی من (my ass)؛ سیاسەت لە ناوەڕۆکدا نییە؛ سیاسەت دووانەیی پێوەندیی دەسەڵات هەڵدەوەشێنێتەوە؛ دەبێ شیعر لە هەموو فۆرمێکدا دوو شەق بکرێت؛ ئەوانەی کە تا ئێستاش نین؛ شیعرـ بووناندن. کەم و زۆر بەم جۆرەیە. لەوێدا ژیان هەیە. من هەرگیز لە ئاستێکی باڵادا شیعری هاوچەرخم نەخوێندووەتەوە. هەرچۆنێک بێت شیعری هاوچەرخم بە زمانی بێگانە نەخوێندووەتەوە. لە هێکرا رووبارێک. رووبارێکی کۆنکرێت.

**"هەروا هەندێ کەس شێفەر (Peter Shaffer) هەڵدەبژێرن. ئەوان باشتر**
**زرمەشی لێوە دێنن. کەمێک گوناهبارتر دەنوێنێ**
**مرۆ بروا بەوانە دەکا. هەندێ کەس رێگە بە دایکان دەدەن**
**گوموزی پەسەوانی زەوت بکەن، راستییەکەی دێنە ناو جوانیی و تەڕپۆشی ئەو،**
**سادە وەلێ**
**هەوەسدار، خەیاڵەکانی لێوانڕێژ بکە**
**تا سروودەکانی ئینجیل بچڕێ.**

**تکای لێ بکە و لە تەک تەختی نووستنەوە تووند سواڵ بکا**
**بە سک و جانتا پڕ کراوە بە نقیشکی شل**
**قەڵەوکراو بە خواردنەوە، هەمووی دەبەستێ کە خواردراوە،**
**لە ئاوازێکی باودا چاوێکی باشی رەوادار، بەرز**
**خەوبیەیتەوە، لە رقێکی گەرمدا**
**دزێک چەقۆ دروست دەکا، هەیتەیەکی-خەمگین بردییە دەرێ، رێگەی گرت کە**
**لە دەوروبەردا تا ئەبەد سەرگەردان بێت.**
**بە شێوەیەکی تر قوورس بوو کە بگوترێ."**
لە کۆشیعری:"Stacy Doris, "Paramour - 2000

تۆمـاس ترانسـترۆمـەر "شـاعـیـری ناسـراوی سـوێدی و. کـوردی" لـە سـاڵی ١٩٨٣ لە "گۆڕەپانێکی کێویی"دا نووسیبووی: «ماندوو لە هەموو ئەوانەی کە بە وشە، وشە لێ بە بێ زمان دێن.» من هەمیشە هەستێکم هەیە کە ئەو مەبەستی من بووە. ترانسترۆمەر تا حەز بکەیت جـوانی نووسـیبـوو. هەمـوو شـاعـیـرەکان هەوڵیـان دەدا وەک ئەو بنووسن. هـەمـوو خـوێنەران دەیـانویست شـیـعـرەکـانی ئەو بخـوێننەوە. ئەوەی کـە مـن نووسـیم بە شـیـعـر نەدەچوو، بە زمـان نەدەچوو. بلاّقۆکێک لە نامـەیەکی رەتکردنەوەی چاپی دیوانەکەمدا بۆی نووسـیبـووم: "هـەست دەکرێ کـە لە مـەستـیدا داخراوە." ئەوە جـوانتـرین رەخنە بوو کـە لێم گـیـرا بێت. مـن دەمـەوێ کـتـومت وا بنووسـم. هـاوڕێیـەک رێنوێنی کـردم کـە هـاوشـێوەی ئەو شیـعرانە بنووسم. دواجار کتێبـەکە چاپ کرا. "جـەنگی شـادی..." . پاشـان دەقـەکان زیاتر و زیاتر بە شیعر دەچوون.

من بە وشـەوە هـاتم نەک زمان. زمان هـەرگیز هـی من نەبووە. هـی ئەوانی ترە. ئەوانەی کە لەگـەڵ ئەوانی تر دەپـەیڤین بە لاتینی و لەگـەڵ گـوندییـەکان بە شـێـوازی گونـدی فێربوون. لە کن مندا هـەمیشـە بە پێچەوانە بوو. بە شێوەی گرووپی دەسـەڵاتدارانی گوندییانە بە لاتینی وەڵامی گـوندییـەکـان دەدەمەوە. وەلێ بە پێـچـەوانەی ئەمەوە وشـەکان هـی مـن، مـرۆ دەتوانێ کۆیان بکاتەوە، لە کـەڵەکـەکردنە چکۆلەکاندا دایان بنێت، جـا بەسـەر یەکدا کـەڵەکـە دەبن. دایکم خـەڵکی Tornedalenە ئەو وەک کـەسێکی بـێ زمان باسـی خـۆی دەکـا. زمـان سـەرنجم راناکێشـێت، لێ پێـچـەوانەکـەی رێگـە بەرەو زمـانە. پرۆسـەی بە زمـانبـوون، هێـشـتـا زمـان نییە. پرۆسـەی بە سیـاسیبوون. شیـان و نەشیـانی سیاسـی. خـەونە مـەزنەکان. ئۆتوپییـەکان. ئەوانە هێـشـتـا هیـچیان زمـانانیان نییە. شیـعـر بە بێ رسـتـەبەندی "سـینتـاکس". مـاتمـاتیک

رستەبەندی یەکجار زۆری هەیە وەلێ وشەی یەکجار زۆر کەم هەیە.

وەک شێوەی Language . هەموو پیتەکان وەک یەکتر بەهادارن. L یەکسانە بە A وA یەکسانە بە N و N یەکسانە بە G و G یەکسانە بە U و Uیەکسانە بە A و A یەکسانە بە G و G یەکسانە بە E. کۆمونیزمی وشە. پیتی کۆمونیزم. زمان هەموو کات هەوڵ دەدا لەگەڵ ئاڵوگۆڕیی "کۆمونیکەیشن"وە خۆی بێلایەن بکات. لێ ئێمە ستاندەردی دەکەین. هیچ شتێک بێلایەن نییە.

**"ڕۆژی هەینی دوای ئەوەی کە ڕۆژنامەی بەیانیت کڕی**
**لەگەڵ سەگەکەم گەڕایەوە، بە جیرانێک گەیشتم کە ئەستێرەناسە. ئەو**
**گوتی، تۆ دەتزانی کە ئەو ژمارەیەی لەسەر بەرگی سیدی ئازادیی شیعرییەتەکەی تۆیە**
27=28
**348؟ نا، من گوتم، ئەو ژمارەیە مێژوویەکی هەیە؟ هیچ مێژوویەک، ئەو گوتی،**
**تەنیا داهاتوویەکی هەیە.**

لە کۆشیعری: Joan Retallack "How to do things with words, 1998" "ئەم کۆپلەیەم لە ئینگلیزییەوە کورداندووە، لارش راتەما دەقە ئینگلیزییەکەی داناوە."

Language ڕەخنەی لە هزرین ڕۆچوونە، ڕەخنەی هزر ڕاگەیاندن و ڕەخنەی ئاڵوگۆڕیی پێوەندییە. ئۆبژە "بابەت" بە هەقیقەتەوە لە ناویدا ڕۆنیشتووە، کافی نییە کە تەنیا دابنیشی و لەواندا بهزری. هەروا هەقیقەتیش سۆبژە "خود" نییە، ئێمە هەرچەند قووڵتر ناوەوەی خۆمان هەڵبکۆڵین نایدۆزینەوە. لێ هەقیقەت بەر لە هەموو تشتێک سۆبژەئاوێزان (intersubektiv)ی نییە. ئاڵوگۆڕی پێوەندی waptelefon ە. لێرەڕا و لەوێدا. پەیامنێر وەرگرە. تەنیا مۆدێلێکی لێ دەرهاوێشتنە. سەرمەستی دەردەهاوێژێ. ئەو وشەیەی کە هێشتا نەبووەتە زمان. ژیان لە سەرمەستییدا هەیە. گشت ئەمانەیە بە بێ ئەوەی کە دەستبەرداری زمانی هەقیقەت بێت.

کتومت ئەوها کۆنکرێتە. Language شارنشین ئاسا نییە، لە شەقامە جوانەکانی ناوجەرگەی شاردا ناسوورێتەوە. Language قەراغ شارە، لە ساکاری دیمەنی بیرۆ، لە شەقامی کیسەیی و بەلانراو، لە خانووبەرەی گەڕەکە ترافیک دابەشکراوەکاندا هەیە. Language تووندوتیژییەکی بێ مانا و دوا وێستگەی ئۆتوبوسەکانە. Language درزێکە لە گۆرەوی دەرپێیدا.

فرێدریک شێگل له ئۆرێینت "رۆژهەڵات"، له رۆژهەڵاتی هیندوئەوروپییدا باڵاترین فۆرمی له رۆمانتیکدا دۆزییەوە. عیبری، زمانی موسڵمانەکان، وەلێ هەرچەندە ئەو زمانانە لێکترنجاو و میکانیکین. ئەو زمانانە رستەبەندییەکی ناگەشەکردوویان هەبوو، زمانی پێغەمبەر و بەخت هەڵهێنان بوون. ئێرنست رێنان دەیویست کە ئێمە "وەک بوونەوەرێک له سروشتدا" زمان ببینین– ئەگەر ئەوکات، نەک پێشتر، ئەوە بە جۆرێک خۆی نیشان دەدات کە زمانە سامییەکان زیندوو نین. ئەو زمانە سامییانە دەستکورتن لەوەی لە خۆیاندا تشتی تر دروست بکەن. زمان و رەگەز هەمیشە هۆگرانە ئاوێتەی یەکتربوونە. راسیزم له فەلسەفەی زمانەوە دەستی پێ کرد. هێردەر Herder فێری کردین کە خەڵک له زماندا خۆیان دەنوێنن. زمان کەسایەتی بەخشی.

تیۆدۆر ئەدۆرنۆ دەقێکی لەسەر هۆلدەرلین نووسی کە ناوی "Parataxis"ە «کەم کەس هەن وەک ئەو فێری شیعریان کردبم.» ئەدۆرنۆ دەڵێ، زمانێکی نائۆرگانی لە چارەنووسەوە رێگەی بەرەو دەرەوەیە. ناخاوێنی، یەکبڕکردنی رێگە، sprawl «چەمکێکی تەلارسازییە»، بێگانەییە. "ئەمەکداریی، رەفتاری جوامێری شاعیر، ئەمەکدارییەکە بە دژی دۆڕاندن... لێ هەروەک لە پارچە شیعرێکی هۆلدەرلیندا، ئاماژە بە مەترسییەک زمان دەکا، کە لە رەگەزە سەرەکییەکانی ئاڵوگۆڕیی پێوەندییەکانتدا خودی خۆت بدۆڕێنی و لە ناوەڕۆکی هەقیقەتی خۆتدا دەستبەردار بیت." سپراول (sprawl )ە، تەژییە لە پشووی حەفتانە و Råsunda (یاریگەی ناسراوی فوتبۆل). Language نیشانەی دەرنەچوونی خوێندکارە لە تاقیکردنەوەدا. Language ناوچەرگەی شارە زیندووەکان و ئەو کەسانە نییە کە بە دەر لە خۆی لە هەموو کەسێک بە گومانە.

## وێنەیەک لە شیعری هاوسەردەمی سوێدییەوە

لە کۆشیعری: لە نێو گوناهی داماوەکانەوە

**ROTEBRO**

**برینە پەمەییەکان،**
**هاووێنەی چاوەکانە.**
**دایکی**
**رێککەوت و**
**کچە.**

وشە
تەنیا
وشەیەکە.

"گشت کۆپی هەڵکەوتەکان
بۆ پێداویستی
خۆی جیاکردەوە.

پاشانیش
عەدەمی
ئەفراند."

خودا خودای دروست کرد،
شەمەندەفەری ژمارە
عەرەبستانە.

لێ کاتێ ئەو
دەستی کرد بە ناولێنانی
بەردەکان.

چاوەکانیان قووچاند
تاکو جەستەی ژنەکە
لەناو ببەن.

شەمەندەفەرەکە
هات و چوونەکەی
لە نێوان ژیان و ئەبەدییەتدا
بەردەوام بوو.

UPPLANDS-VÄSBY

کافێتریاکە
داخرا و
کرایەوە.

لەوێدا منداڵەکان
لە دووکەڵ
باریکترن.

ئەوان
لە ناو یەکتردا
دەژین.

نا
ئەوە
سەگ نییە.

کیسەیەکی نایلۆن
لە نێوان تیرەکاندا
رادەکا،
لە
ئاو
فریادڕەسترە.

بەوان
بڕوا
مەکە،

**هەموو**
**نامێنن.**
**خێو**
**مرد.**

**"ئەوەی کە ناتوانین بیری لێ بکەینەوە**
**ناتوانین**
**بیری لێ بکەینەوە.**

**ئەوەی کە دەکرێ باس بکرێت**
**دەتوانێ**
**پێشبێت.**

**چونکە  هەموو ئەوانەی،**
**کە پێشدێن و ئەوها یان ئەوهان،**
**کاتیین."**
لودڤیک ڤیتگینشتاین

## کورتەیەک لەمەڕ ژیان و بەرهەمی لارش راتەما:

لە ١٩٦٤ لە گوندی Rosersberg کە دەکەوێتە نێوان ئۆپسالاو ستۆکهۆڵمەوە لە دایک بووە و ئێستا لە ستۆکهۆڵم دەژی. دوکتۆرای لە تەلارسازی هەیە. تا ئێستا حەوت کۆشیعری چاپ کردووە. هاوکاتیش وتار لەسەر شیعر و تەلارسازی لە رۆژنامە و کۆوارەکانی سوێدیدا بڵاو دەکاتەوە. لارش راتەما چەندین خەڵاتی لە بواری تەلارسازی و شیعر وەرگرتووە.

### تێبینیی وەرگێری کوردی:

بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بزانێت سەرچاوەی هزر و رامانەکانی لارش راتەما لە کوێوە هاتوون و چۆن ئەزموونی تەلارسازی و سەرچاوە رۆشنبیرییەکانی لە شیعردا بەرجەستە دەکاتەوە، بە باشمان زانی ئەم وتارەی ئەو، کە دەکرێ وەک مانێفێستی شیعری ئەو

بخوێنرێتەوە، لەگەڵ بەشێک لە کۆشیعرەکەی پێشکێشی خوێنەری کوردی بکەین. دیارە ئەو کۆمەڵە شیعرە بەشێکی فرەن لە کۆشیعری "لە گوناهی داماوەکانەوە/Ur krakars gäld"، کە ساڵی ١٩٨٩ لە چاپخانەی Agora لە ستۆکهۆڵم چاپ کراوە. بەشێکی زۆری ئەو کۆشیعرە لەگەڵ دیدارێکی شاعیر لە ژمارە ٤١ی کۆواری "هەنار"دا مانگی ٧ی ٢٠٠٩ بڵاو کراوەتەوە. ماوەتەوە بێژم، کە کۆی ناوونیشانەکانی ئەو کۆشیعرە بریتین لە گەڕەک و دەڤەرەکانی قەراغ شاری ستۆکهۆلم، بۆیە وەک خۆیان بە سوێدییەکەم نووسیونەتەوە. دەکارێن بێژین، ئەو کۆشیعرە نووسینەوەی ئەزموونی ژیان یان ئەو پێشهاتانەیە کە شاعیر لەگەڵیاندا ژیاوە، هاوکاتیش شاعیر جیهانە نەبینراوەکانی شاری ستۆکهۆلم لە شیعردا وێنە دەکات. لە داهاتوودا، ئەگەر کات و ژیان بوارمان بدات، هەوڵ دەدەم چەمکێک لە شیعرەکانی شاعیرە هاوچەرخەکانی تری سوێدی بکەین بە کوردی کە، بە واتای رەخنەگرانی سوێد، داهێنانیان لە زمانی شیعری سوێدی کردووە و هەنووکەش دەنگەلی شیعریی بەرهەمێن. هەروەک پێشتر دەقێکی رەخنەیی، "شیعر لەگەڵ هەستی هاوسەردەمدا" کە رەخنەگری سوێدی خاتوو ئۆسا بێکمان نووسیویەتی، وەرگێڕاوە و لە کۆواری ئەزیزی "هەنار"دا بڵاومان کردووەتەوە.

ماوەتەوە بێژین پێشتر بەندە شیعرێکی شێواز جیاواز لەم شیعرانەی لارش راتەما، "نووسراوی ئێسک" کردووە بە کوردی، کە لە "کۆواری نەوشەفەق" و سایتی "دەنگەکان"دا بڵاو کراوەتەوە.

١٢/ ٧/ ٢٠٠٩، ستۆکهۆڵم